فەرماندەیەکی عێراق: هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئامادەن و هیچ مەترسییەک هەڕەشە لە عێراق ناکات

سەرۆکی گشتی ئەرکانی عێراق ڕایگەیاند، کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئامادەن و هیچ مەترسییەک هەڕەشە لە عێراق ناکات.

عەبدولئەمیر ڕەشید یارۆڵا، سەرۆکی گشتی ئەرکانی ئەرتەشی عێراق ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ئامادەیی تەواودان، ناوبراو خۆکی عێراقی دڵنیا کردەوە کە هیچ مەترسییەک لەسەر عێراق نییە.

فەرماندەیی ئەرکانی ئەرتەشی عێراق دووپاتی ڕایگەیاند، کە عێراق ڕۆکاری هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی دراوسێ لە بواری هاوبەشی ئەمنیەتی و بەرەنگار بوونەوەی هەڕەشەکان دەکات.

دوێنێ شەممە، وەزارەتی بەرگریی عێراق پێنج تیپ لە هێزە چەکدارەکانی سەربە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لێنزیک سنوورە هاوبەشەکان لەگەڵ سووریا جێگیر کرد.

بەگوێرەی میدیا ناوخۆییەکانی عێراق، سێ تیپ لە هێزەکانی سەربە سوپای عێراق و دوو تیپ لە هێزەکانی حەشدی شەعبی کە دەبێنە شەش بە 10 هەزار چەکدار لێنزیک سنوورە هاوبەشەکان لەگەڵ سووریا جێگیرکراون.

پێشتر یەحیا ڕەسوول، وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق جەختی کردبوو کە سنوورە

هاوبەشەکانی عێراق لەگەڵ سووریا بەتەواوەتی پارێزراوە، هێروەها لە هێرشی تیرۆرستان و گرووپە چەکدار و داعشەکانی ناو سووریا پارێزراوە.

چی دەگوزەرێت لە سووریا...؟!

ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا هێرشی کردەسەر شارەکانی حەلەب و ئیدلب لەباکووری سووریا و دەستیان بەسەر شاری حەلەبدا لە باکووری سووریا گرت و هێروەها دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگە لەدوای شێکی سەخت لەگەڵ هێزەکانی ژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانیان، دواجار ئەمە یەکشەممە زەرینەی شاری حەلەبی کۆنترۆڵکرد.

لەسەر ئەم ڕووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەولەویەتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.
دواجار ئەمە یەکشەممە 1ـی کانوونی یەکەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (ئەحرار ئەلشام - جولانی) کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت شاری حەلەبی گرتووە و سوپای سووریا لە تەواوی شارەکە کشاوەتەوە.